كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-7-2007 14:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەک بۆ دکتۆر نوری لە ئەنجومەنی وەزیران.... گوڵستان جاسم قادر



بەرێزم زۆر جار لە کەناڵەکانی راگەیاندن نیگای هەڵسوکەوت و راوەستان و دانیشتنت دەکەم لەوانەشە من وەك کەسانێك نەبم تا رۆژانێك چ بە تەلەفۆن یان بە دانیشتن لە پرسگەکەت بێزارم کردووبیت و تەنها بۆ بەرژەوندیەکانی خۆم لە کارت بکەم و ماستاوت بۆ سارد بکەمەوە کە دڵنیام بەرێزت قبولی ئەم شتانە ناکەیت، چونکە من زۆر بە ئومیدەوە دەروانمە ئایندەی گەلەکەم و دڵیشم بە گەنجی وەك تۆ گەلی خۆشە کە ئێستا لە شوێنی بەرپرسیارەتین، کە زۆربەداخەوە لەم لاو لەم لای هەندێ لە ناحەزان و بەرژەوەند خوازن هەول دەدەن ئێمەمانان وا تێبگەێنن کە ئێمە خاوەنی سەرکردەی داوێن پیسین کە زۆر بەداخەوە هەموو ئەوانەی ئەم هەڵسوکەوتانە دەکەن ئێستا لە هەموو کەس زیاتر سودمەندتر بووینە لە هەموو کەسیش زیاتر ترسنۆکن ترن چونکە ئەگەر ترسنۆك نەبن ئەوا چۆن جاران لە مانگێك لە دەجار زیاتر بەردەرگاکانی ئەنجومەنیان دەگرت، یان لە رۆژێك بیست جار تەلەفۆنیان بۆ دەکردیت تا جەنابت ئیستسنائێکی پارچە زەوێکیان بۆ بکەیت، کە بەرای من دەبوو ئێوە لە حکومەت زوو کاری نەهێشتنی ئەو دیاردەتان بکردیایە کە من ئێستا هەندێ لەم رۆژنامەنوسانە دەناسم زیاتر لە پارچەیەك زەویان وەرگرتووە کەچی سەری زارو ژێرزاریان چنێوە بە سەرکردایەتی کوردستان بەڵگەشم زۆرە لە ئایندە ناوی هەموو ئەم رۆژنامە نوسانە ئاشکرا دەکەم کە زۆر جیگای ئەسەفە زۆربەیان لە دەزگاکانی پارتی کار دەکەن، چونکە ئەو کاتەی من لە شارەوانی کارمەند بووم دەهاتنە لام خۆیان بە قوربانی نەعلەکانم دەکرد تا کارەکانیان بۆ مەیسر بکەم و منیش لەبەر خاتری پارتایەتی و خۆشەویستیم بۆ بنەماڵەی سەربەرزی بارزانی زۆر چاوم لە هەندی لەم بەناو رۆژنامەنوسانە دادەپۆشی کە ئێستا زۆر لەم کارنەم پەشیمانم، لێرەش بەرێزم من ئێوە تاونبار دەکەم کە زۆر لە وانەی ئێستا بە ناوی خوازارو لەسەر ئێوەو سەرکردایەتی سیاسی کورد دەنووسن هەموو ئەو کەسانەن کە چەندین جار ئەرزەیان وەرگرتووە، بۆیە بەرێزم پێتان سەیر نەبێت ئێستا هەندێ لەئەوانەی کە لە پێڵاوەکانیان تا بۆیەیی قژیان لەو هاوکاریەیە کە زۆرجار ئەوان بە ناوی نەخۆشی خێزان و مندال و براکانیان و پێلاو ماچ کردن وەریان دەگرت کە زۆر بە داخەوە ئێستاش دەبیین ئەوان چەنێ ناکەس بەچە بوون..

بەرێزم تۆ یەکێکی لە ئەوانەی کە بەوە ناسراوێت موجامەلە نازانیت بۆیە تکات لێدەکەم وەك چۆن قەلەمەکەت نەخستۆتە خزمەتی هەندێ لە ئەوانەی کە بۆ دەوڵەمەند بوونی خۆیان کار دەکەن و ئێستاش لەگەل هەر وەلام نەدانەوەیەك بۆ داوەکاریە بێ کۆتایەکانیان کە ئەوان دەیانەوێت لەسەر حسێبی خەڵك پێی دەولەوند بن درۆوبوختان بۆ تۆ و بۆ زۆر لە ئەوانە هەڵدەبەستن کە ئێمەمانان ئومێدێکمان پێتان هەیە بۆ خزمەتکردنی گەل و میلەتەکەمان...

بەرێزم وەك چۆن بوویت هەر وابە چونکە تیشکی رۆژ بە بێژەنگ ناگیرت و درۆو بوختان چیش لە ریسوای زیاتر هیچیان بۆ نامێنێت...

گوڵستان جاسم قادر
کارمەندی شارەوانی
دانیشتووی دانیمارك ئێستا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.